# ژیاننامەی هۆمەر شێخ موس لە کتێبێکدا




لە هەفتەی رابردوودا دوا کتێبی نەوزاد عەلی ئەحمەد کە دەکاتە سێ و سێهەمین کتێب کەوتە کتێبخانەکانی کوردستان. ئەم کتێبە لە ژێر ناونیشانی " پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا"یە، بەشێکی گرنگی لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووسی لە خۆ گرتووە، کە سێ بەشی هەیە. بەشی یەکەم چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ هۆمەر شێخمووس ، باس لە ژیانی خۆی هەر لە منداڵیەوە تا ئەو رۆژەی وازی لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تا بە ئەمرۆش دەگات، دەکات. پڕاوپڕە لە زانیاری، لە چەندان شوێندا دەیان شتی نهێنی ئاشکرا کردووە. بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ زیاتر لە 200 بەڵگەنامەی دانسقە کە بەشێکن لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەیەوە. لە بەشی سێیەمدا زیاتر لە 100 وێنە بڵاوکراوەتەوە کە هەر یەکێک لە وێنەکان کۆمەڵێک حکایەت و رووداو و سەربردە دەگێڕنەوە.

جێی ئاماژەیە کە کتێبەکە 560 لاپەڕە و لە چاپی یەکەمدا 2000 دانەی لێ چاپکراوە.

کتێبەکە وەک لە ناونیشانەکەیدا نووسراوە " بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس" و سەرەتا ئاماژە بە ئامانج و گرفتەکان کراوە، خاڵی هەرە تیشکهاوێژ بۆ نووسینەوەی بیۆگرافیای کەسایەتیێکی وەک هۆمەر شێخمووس کۆمەڵێک دەلالەت لە خۆی کۆدەکاتەوە پێش هەموو دەلالەتەکان هەڵدانەوە و باسکردنی چەندان رووداوە و واقیعە کە تا ئێستا نمانەکراون و کاریان لەسەر نەکراوە، بۆ ئەمە نووسەر هەوڵی داوە لە دووتوێی پرسیارەکاندا چەندان رووداو و مێژوویی بوروژێنێ کە وەڵامەکانی یان دەبنە سەرچاوەیەک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بە گشتی و مێژووی ژیانی حزبایەتی کوردی بە تایبەتی.

ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس وەک چۆن خۆی دەیەوێت نەنووسراوەتەوە، بەڵکو کارێکی رۆژنامەگەری بۆ کراوە، لە هونەری رۆژنامەنووسیەوە دەچێتە خانەی چاوپێکەوتنی درێژ، بەڵام لەو هونەرەدا سوودی لە هونەری بیۆگرافیانووسین وەرگرتووە و لە هێڵە هونەرییەکانی ئەو کارەدا لای نەداوە، بە کورتی هونەری رۆژنامەگەریی و هونەری بیۆگرافیانووسینی ئاوێزانی یەکتر کردووە، دەکرێت ناوی بنێین هونەری " رۆژنامە- بیۆگرافیا نووسی"، کە وەک دەزانرێت یەکێک لە رەگەزەکانی نووسینەوەی بیۆگرافیانووسین، سوود وەرگرتنە لە زنجیرە رووداوەکانی مێژوو، نووسەریش لەو کارەمدا پێ بە پێ و بە گوێرەی مێژووی ژیانی هۆمەر شێخمووس هەنگاوی ناوە و پرسیاری لێ کردووە، ئەگەرچی لە چەند شوێنێکدا جۆرێک لە بازدان و گەڕانەوەی مێژوویی تێدایە.

نووسەر دەڵێ: ساڵێک زیاترە لەم کتێبەدا کاردەکەم، لە ماوەی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێک گرفت بوونەتە رێگر، بە تایبەتیش نەبوونی کات، چونکە لەپاڵ کارکردن لەم کتێبەدا لە سوید دەخوێنم و لە وڵاتێکی وەک سویدیش خوێندن ئەوەندە جدییە پێویستە زۆربەی کاتەکانی بۆ تەرخان بکرێت.

گرفتێکی تر کە بۆ زیاتر لە سێ مانگ کارەکەی پەککستوە، بە هۆی ئازاری پشتی هۆمەر شێخمووسەوە بوە، کاتێ سەردانی پزیشکی کردوە و پێیانگوتوە: گومان دەکەین تووشی شێرپەنجە بووبێت. گومانی نەخۆشییێکی لەوجۆرە نووسەری رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار و کێشەی دەروونی دەکاتەوە. ئەو هەواڵە زۆربەی برادەر و دۆستەکانی دڵگران و غەمبار کرد. بۆیە دوای بڕیاری پزیشک لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێ. لەو بارەیەوە نووسەر دەڵێ:' ئەگەرچی لەو کاتەدا دووجاری تریش دانیشتین و لەسەر پرسیار و وەڵامەکانمان بەردەوام بووین، هەستم دەکرد زۆر بێ تاقەتە و ناکرێت بەردەوام بین. دوای چەندان پشکنین و سەردانی باشترین و بەناوبانگترین پزیشک، دیار بوو دەستنیشانکردنی هەڵە بووە و شوکر شێرپەنجە دەرنەچوو. ئەمە بۆ من هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو'

نووسەر دەڵێ:(گرفتێکی تر کە رووبەڕووم بووەوە، کاتی گواستنەوەی چاوپێکەوتنەکە لە کاسێتەوە بۆ سەر کاغەز بوو، دەبووایە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ هاوسەر و منداڵەکانم فەرامۆش بکەم، یاخود بە گوێرەی دەرفەت تێکستەکە بنوسمەوە، لەو رووەوە پێویستە سوپاسی هەوڵی جوامێرانەی " نازە" ی هاوسەرم بکەم کە لەو ماوەیەدا یارمەتیدەرم بوو، تەواوی کارەکانیماڵەوە و بازاڕکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی گرتبووە ئەستۆی خۆی، زۆربەی رۆژانی شەممە و یەکشەممەش سەرلەبەیانی تا عەسرێکی درەنگ منداڵەکانی دەبردە دەرەوە.

گرفتێکی تر، کە من بە گرفتێکی سەرەکیم دادەنا، ئەویش ئەوە بوو، تۆ بڵێیت خاوەنی بیۆگرافیاکە رێگە بدات لە پاشکۆی کتێبەکەدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دانسقە بڵاوبکەینەوە، کە دەمزانی خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە! چونکە بیۆگرافیا بەشێکە لە مێژوو، ئێ مێژووش ئەوەندەی پشت بە بەڵگەنامە دەبەستێت ئەوەندە هەڵگری ئیجتهادی شەخسی نیە. لەو رووەوە ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم، مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2008 هومەر شێخمووس و ئەگنێتای هاوسەری سەردانی کوردستانی باشووریان کرد، پێش ئەوەی سەفەر بکات گوتی: ئەو ماوەیەی ئێمە لێرە نین، ماڵەکەمان و تەواوی ئەرشیف و کتێبخانەکەی ماڵەوە لە خزمەتت دایە و کلیلێکی ماڵەوەی تەسلیم کردم، ئەمە هەم سیقەیەکی گەورە بوو کە پێ ی بەخشیم، هەم بۆ من بووە سەرچاوەیێکی زۆر گرنگ بۆ باشتر ناسینی هۆمەر، بە تایبەتیش لە کاتی دارشتنی پرسیارەکانمدا).

بەهەرحاڵ ئەم کتێبە بریتیە لە سێ بەش، لە بەشی یەکەمدا تێکستی چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژە لەگەڵ هۆمەر شێخمووس کە زیاتر گرنگی بە ژیانی سیاسی و حزبی لە کوردستان و خەباتی کوردایەتی لە دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتیش لە ئەورووپا و ئەمریکا دەدات.

**ئاکام محێدین**

تێبینی: نووسینەکەی کاک ئاکام درێژتربوو، بەڵام ئەوەندەمان لێ بڵاوکردەوە. (**ڕۆژی گەل**)

# ئەگەرەکانی بەردەم پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا

لەدونیادا مەسەلەی پەروەردە جێی بایەخە، بەبەردەوامی گۆڕانکاری تێدا دەکرێ، پرۆسەیەکی وەستاو نیە، لەهەمان کاتدا کاروانی گۆڕانکاری لەسەر خۆو وردو واقیعی دەوێ. لەسەرەخۆ هەتا هەموو رەهەندەکانی پەیوەست بەکۆی شوناسی ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا دیراسە بکرێ. وردو واقیعی هەتا ئەوەی بڕیاری لەسەر دەدرێ, لەگەڵ قۆناغی گەشەسەندن و واقیعیەتی ئەو کۆمەڵگەیە گونجاو بێ.

مەرج نیە پەروەدە هاوتەریبی بێ چەندوچوونی ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو کۆمەڵگویە بێت کە پەروەردە پەیرەوی لێ دەکات بەڵام ئەوە بەو مانەیەش نایەت، لەدەرەوەی شوناسی ئەو کۆمەڵگەیە پرۆگرامی پەردوەردە دابڕێژرێ.

بەداخەوە ئێمە بەتەنیا روخسار دەبینین، هەموو گۆڕانکاری پەروەردەمان کورت بۆتەوە لە تێکەڵکردنی هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و لابردنی تاقیکردنەوە بەکەلۆری، بەهەمان پرۆگرامی ساڵانی پێشوو، بەهەمان مامۆستای ساڵانی پێشوو، بەهەمان قەرەباڵغی پۆلەکان و بەهەمان کەموکوڕیەکانەوە پرۆسەی خوێندن دەڕوا.

چی بەدی ناکەین لەم گۆڕانە بەتەنیا داهێنانی ناوێکی تازە نەبێ، ئەویش وشەی (بنەڕەتی)یە، ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێک گرفتی تازە کە لەگەڵ ساڵی تازەی خوێندن پەیدا بوو، وەکو گرفتی لابردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتاییەکان و گرفتی دەرماڵەی مامۆستایان و گرفتی دانەمەزرانی تازە دەرچوان، ئەمەو گرفتێکی تازە کە گرفتی ئەو بەشەیە لەیاسای گۆڕانکاری تازەدا کە دەبێت قۆناغی ناوەندی لەپاڵ ئەوەدا دەبێ بە پۆلی حەوت و هەشت و نۆی بنەڕەتی دەبێت کچان و کوڕان تێکەڵ بکرێ، تێکگیرانی ئەم بڕیارە لەگەڵ رایەڵەی کۆمەڵایەتی کوردەواری و بنەما شەرعیەکانی ئاینی ئیسلام نارەزایی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

پێموابوو ئەو گۆڕانکاریە رووکەشانە لەلایەن قۆتابخانەکانەوە قبوڵ ناکرێ لەبەر ئەوەی داوا دەکرێ کوا گۆڕانکاری لەپرۆگرام؟ کوا گۆڕانکاری لەو قەرەباڵغیەی لە پۆلەکان هەیە؟ کوا گۆڕانکاری لەتاقیگەو کەرەستەکانی خوێندن؟ کوا گۆڕانکاری لەشێوازی وانە وتنەوەو خولی تازە بۆ ئەو گۆڕانکاریە مۆدێرنەیە!!. کەچی هەتا ئێستا لەزۆر شوێن ئەو گۆڕانکایە رووکەشە قبوڵ کراوە، هەموو کۆسپەکانی بەردەم ئەو سیستەمە لەوە کورت بۆتە کە بەرێوەبەری قۆتابخانە سەرەتاییەکان سازش ناکەن لەسەر ئەو کورسیەی چەند ساڵە پۆستی بەڕێوەبەریەتی بەمیرات بۆ ماوەتەوە.

هەموو ئەو گرفت و قەیرانەی کەڵەکە بووەی ساڵانی رابردوو شوێنەواری زۆر مەترسیداری بەجێهیشتووە، وەکو نزمبوونەوەی ئاستی زانستی و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی کەمتەرخەم و پێدەچێ هەڵئاوسانی خاوەن بڕوانامەکانیشی لەبێتە سەر.

کۆی گرفەتکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەتەنیا کورت هەڵنەهاتووە لە ئەوەی ناومان لێ ناوە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی, حاڵی پرۆسەی خوێندن لەزانکۆو پەیمانگاکان باشتر نیە، بەپێچەوانەوە لێڵی ئەو واقیعەی سیستەمی پەروەردەی گرتۆتەوە بەشێکی گەورەی تاوان لەئەستۆی ئەو دوو دامەزراوە باڵایەیە. بەرهەمی ئەو هەموو (قبول خاص)و دەستتێوەردانە حیزبیەی ساڵانی رابردوو، لاوازکردنی توانا زانستی و ئەکادیمیەکان، کەچی ئەو هەموو بڕوانامە (پلە نایاب)ە ناوەرۆک لاوازانە بوو بەم رۆژەیان گەیاندین.

زەمەنی زۆری دەوێ هەتا پرۆسەی پەرورەدەو فێرکردن ئیفلیج دەکرێ، زۆر لەوە زیاتر دەوێ هەتا جارێکی تر لەبەر ئەنجامی گرتنە بەری ریفۆرمی بەردەوام زیندوو دەکرێتەوە. هاتنە بەرهەمی بیرۆکەی ناتەندروست لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وەکو داچاندنی داری گوێز وایە، ئەم نەوەیە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ و نەوەی دواتر بەرهەمەکەی دەچنێتەو، لەهەرێمی کوردستاندا، نەوەیەک ئیفلیجی کرد، نەوەی دوای خۆی باجەکەی دەدا!!



**ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر**

**سەرچاوە: پێنووسەکان**

پاشماوەی لاپەڕە 5

ئەو بەشەی کۆمەڵگا کە نیگەرانی کودیتای مەزهەبییە راستڕەوەکانی دەستەڵاتدارن، بایکاڵ هەڕەشە و هۆشداری دەدات کە ئیسلامییە فوندامێندالیستەکان لە تورکییەدا سەرقاڵی تۆڵە ئەستاندنەوەن و پڕۆسەی لێپرسینەوەی ئەرگەنەکۆن شەرمەزار دەکا و بە تۆڵەی لادان و لابردنی رەوتی ئیسلامی لە ساڵەکانی 1997 لە لایەن سوپای تورکەوە دەزانێ و بە سوکایەتی و سەرکۆنەی گشتی سوپای تورکی دادەنێ. ژمارەی باڵای دەسبەسەرکراوانی سیویل نیشانەی لێهەڵپێچانی نەیارانی لائیک و رەخنەگرانی سیاسەتەکانی AKPیە.تەنانەت چاودێرانی بێلایەنیش، بە گومانەوە دەڕواننە شێوە و ژمارەی باڵای دەستبەسەرکراوانی رۆژنامەنووس و توێژی ئاکادێمیک لە تورکییە. توێژینەوەیەکی وردی دادنامەی دژ بە ئەرگەنەکۆن، بەڕوونی دەریدەخات کە چ ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژی ئێلیت و هەڵبژاردەی سەرکردە کەمالیستەکانی کۆمەڵگا، پێوەندیان بەو رێکخراوەوە هەبووە. ئەم ئیستیدلالە کە دەوڵەتی AKP پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە ئەرگەنەکۆن، وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەر کردنی چەشنێک هەمبەرایەتی سیاسی- حقوقی لە بەرانبەر پڕۆسەی چەند ساڵ لەمەوبەری قەدەغەکردنی پارتەکەی خۆی بەکار دێنێ، بە لەبەر چاوگرتنی ئەنجامی هەر دوو پرۆسەکە،لە راستیدا ئیعتباری خۆی دەدۆڕێنێ.وێدەچێ کە دەوڵەتی ئەردۆگان پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی تورکییە، نە بەهۆی تێگەیشتن و لە قووڵایی بیر و ناخەوە جێبەجێ دەکا، بەڵکوو بە پێچەوانەی بەرانبەرەکانی کە لەسەر لەشکرکێشی سیاسی هێزە سەربازییەکان دەڕۆن، ئەمان دەیانەوێ لە رێگای دیمۆکراتیزاسیۆن و بێدەستەڵات کردنی سوپاوە، کێشەی دەستەڵات بە سوودی خۆیان، بچەسپێنن.هەنگاوێکی گەورەی وەک موحاکمەی ئەرگەنەکۆن، هەروەها بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی رۆژنامەوانانی بوێر و نە ترسە. بۆ نمونە رۆژنامەی چەپ-لیبراڵی تەرەف، هەر لە سەرتای دامەزرانییەوە، پەردەی لە سەر تاقم و گرووپە راست-ناسیۆنالیستەکان، هەروەها چالاکییەکانی سوپا، هەڵدایەوە و بووتە جێگای سەرنجی هەموان. سەرنووسەر ئەحمەد ئاڵتان دەربارەی پارتی دەستەڵاتداری AKP دەڵێ: "وێکچوویی و هاورێیمان تا ئەو جێگایەیە کە مافی ئازادی و سەر بەستی بپارێزن و لەو شوێنەشدا کۆتایی دێت کە خۆیان لە برێک لە ئازادییە تایبەتییەکان گێل و پاشگەز کەنەوە."نەهاکە دەوڵەتی تورک پرۆسەی بەدیموکڕاسی کردن، بێپسانەوە و بەڕاستی جێبەجێ دەکا. بەپێی دانپێدانانی بوێرانەی ئەردۆگان، دەوڵەتی تورکییە " کێشەی کوردی" هەیە. ئەم هەنگاوە دواتر بە کردنەوەی تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی TRT6 کە بۆ یەکەمجار بەزمانی کوردی بەرنامە دەوەشێنێ و هەروەها بە دامەزراندنی بەشی کوردولۆژی لە سێ زانستگەدا، خۆی چەسپاند.ئەم هەنگاوە کورتانە، لە وڵاتێکدا کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر بەڕاستی باس لەسەر ئەوە دەکرا کە رەنگی چرای جادەکان بگۆڕن، چونکە لە رەنگی ئاڵای "تێرۆریستەکان" دەچێ و بەکارهێنانی زمانی کوردی بەتوندی سزا دەدرا، ئالوگوڕ و شۆڕشە! ئێستا بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە بە هۆی پرۆسەی لێپرسینەوەی ئەرگەنەکۆن، پێگەی کۆمەڵایەتی سوپا تا رادەیەکی زۆر دابەزیوە، AKP دەیهەوێ کێشەی کورد بە شێوەیەکی گشتی چارەسەر بکات. ئێسا PKK دەبێ بنوێنێ و بڕیار بدات کە ئایا ئامادەی ئاشتییە، یان دەیهەوەێ هەروا وەک ئامڕازێکی "دەوڵەتی سێبەر" بهێڵدرێتەوە.

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز: ریکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497
سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631
www.rojigel.com rojiigel@hotmail.com
هەولێر
گەڕەکی رزگاری
شەقامی شەست مەتری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
07501179846
سلێمانی
گەڕەکی رزگاری
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی
053219256
کەرکوک
گەڕەکی شۆرجە
بەرانبەر فێرگەی
شۆرجەی کچان
07701325080
رانیە
گەڕەکی رەشەمێرگ
بەرانبەر بارەگای
پێشمەرگەدێرینەکان
07501163805